# تورکیا دوای هەڵبژاردنی 31ی ئازار؛ لە نێوان بەرداشی هەوڵەکانی ئاساییکردنی ئۆزگور ئۆزەل و کرانەوەی سیاسیی ڕەجەب تەییب ئەردۆغان

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی-زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 31ی ئازاری ساڵی 2024 خاڵێکی وەچەرخانە لە ژیانی سیاسیی تورکیادا، چونکە لە دوای ماوەیەکی دوورودرێژ، جەهەپە (حزبی کۆماری گەل - Cumhuriyet Halk Parisi) توانیی ببێتە حزبی یەکەم و ئاک پارتی (حزبی داد و گەشەپێدان - Adalet ve Kalkınma Partisi) ڕووبەڕووی شکستێکی گەورە بووەوە و، بوو بە حزبی دووەم لەسەر ئاستی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا. ئەم هەڵبژاردنە بووە هۆی دروستبوون و سەرهەڵدانی دیمەنێك و تابلۆیەکی نوێی سیاسی لە تورکیا. لەم چوارچێوەیەدا هەم ئاک پارتی و هەمیش گەورە حزبی ئۆپۆزیسیۆن دەستیان بە جموجۆڵێکی فراوان و بنەڕەتی کرد بە مەبەستی گەڕاندنەوەی متمانەی دەنگدەر لە تورکیا. لە بابەتی ئەم جارەمان هەوڵ دەدەین وێنەیەکی گشتی و پوختی پێشهات و ڕووداوەکانی دوای 31ی ئازار بخەینە ڕوو.

**جەهەپە و پرۆسەی "ئاساییکردنەوە"**

جەهەپە دوای ئەوەی نەیتوانی لە ساڵی 2023 لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار شکست بە ئەردۆغان بهێنێت، کەمال کلیچدارئۆغلو ناچار بوو لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2023 کۆنگرەی حزبەکەی ئەنجام بدات. لە کۆنگرەکەدا ئۆزگور ئۆزەل توانیی ببێتە هەشتەمین سەرۆکی جەهەپە. لەگەڵ دەستبەکاربوونی ئۆزەل، گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سیاسەتی حزبەکەی دەستی پێ کرد و دیارترین ئەنجامی گۆڕانکارییەکانیش ئەو سەرکەوتنە بوو کە جەهەپە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 31ی ئازاری ساڵی 2024 بەدەستی هێنا و تیایدا توانیی جەهەپە بکاتە حزبی یەکەم لەسەر ئاستی سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانییەکانی تورکیا.

سەرکەوتنەکەی 31ی ئازار ئەرکی ئۆزەلی قورستر کرد، چونکە چاوەڕوانییەکان زیادی کرد و داواکارییەکان بەرەو ئاراستەی شکستپێهێنان بوو بە ئاک پارتی و ئەردۆغان. واتا لەسەر ئاستی ناوخۆ دەنگدەر، بەتایبەت بەهۆی گرانیی ئاستی بژێوی ژیان و بوونی ژمارەیەکی زۆری پەنابەر، لە ئاک پارتی و ئەردۆغان بێزار بووە و جەهەپەیش لەوانەیە باشترین بژاردە نەبێت بەڵام دەکرێ ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە داهاتووی تورکیادا، بەتایبەت لە هەڵبژاردنی گشتی و سەرۆکایەتیی کۆماری داهاتوو کە بڕیارە لە مانگی مایسی ساڵی 2028 ئەنجام بدرێت، ئەگەر ئەردۆغان توانیی بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا بەرگە بگرێت

و بڕیاری ئەنجامدانی “هەڵبژاردنی پێشوەختە” نەدات.

لەم چوارچێوەیەدا ئۆزەل ڕای گەیاند کە گۆڕانکارییەکی جەوهەری لە سیاسەتی حزبەکەی دەست پێ دەکات و درێژە بە هەوڵ و کۆششەکانی لایەنە سیاسییەکان دەدات بۆ زەمینەخۆشکردن بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی ئێستادا بکرێت و کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی ئاك پارتی و ئەردۆغان بهێنێت. بەڵام شێوازی کاری ئۆزەل لە هی سەرۆکەکانی پێشووی جەهەپە جیاوازترە و چەند جار ڕای گەیاندووە کە سەرەتا بۆ ئەوەی تێ بکۆشێت پێویستە لە هەنگاوی یەکەمدا دانوستان بکات و کار بۆ ئەوە بکات ئامانجەکانی لە ڕێگەی دانوستانەوە بەدەست بهێنێت و ئەگەر لەمە سەرکەوتوو نەبوو، ئینجا پەنا دەبرێتە بەر هەنگاوی دواتر کە بریتییە لە تێکۆشان دژی ئاك پارتی و هاوپەیمانەکانی. هەر لەم ئاراستەیەدا بڕیاری دا سەردانی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان بکات و لە نێوانیشیاندا ئاك پارتی.

ئۆزەل بۆ ئەوەی ستراتیژییەتی حزبەکەی بۆ قۆناغی داهاتوودا ڕوون بکاتەوە، پرۆسەی “ئاساییکردنەوە – Normalleşme)ی ڕاگەیاند. ناوەڕۆکی ئەم پرۆسەیە بریتییە لەمانەی خوارەوە:

1. ئاساییکردنەوەی دۆخی سیاسیی وڵات؛ چونکە بەپێی بۆچوونی جەهەپە بارودۆخی وڵات لە دوای ساڵی 2002وە گۆڕانکاریی زۆری لەخۆ گرتووە و لە ڕووە سیاسییەکەیەوە ژیانێکی سیاسیی ئاسایی لە تورکیا نەماوە و دەسەڵات لەلایەن تاکەکەسێکەوە قۆرخ کراوە.
2. ئاساییکردنەوەی دامەزراوە دادوەرییەکانی وڵات؛ بەپێی بۆچوونی جەهەپە و بەشێکی زۆری لایەنە سیاسییەکانی دیکە، دادگە لە تورکیا خەریکە سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەدات. بۆیە پێویستە ئەم کێشەیەش چارەسەر بکرێت و بگەیەنرێتە دۆخی ئاسایی خۆی.
3. گرنگترین کێشە کە ئاسایی نییە لەسەر ئاستی تورکیا، بواری ئابووریی وڵاتە. تورکیا ڕووبەڕووی کێشەیەکی دارایی و ئابووریی گەورە و قووڵ بۆتەوە. ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئابووریی وڵات، یەکێکە لە داواکارییەکانی جەهەپە و شوێن و پێگەیەکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی ئۆزەل.
4. کێشەی مووچەی خانەنشینان، بەشێکی گرنگی پرۆسەکەی ئۆزەل پێك دەهێنێت. جەهەپە بە سەرۆکایەتیی ئۆزەل جەخت لەسەر زیادکردنی مووچەی خانەنشینان دەکات، چونکە بەشێکی زۆری خانەنشینان مووچەی مانگانەیان دە هەزار لیرەی تورکییە، کە لە هەلومەرجی ئێستادا ئەم بڕە پارەیە بەشی بژێوی ژیانی خەڵك ناکات. هەرچەندە ئۆزەل ڕاستەوخۆ داوای لە ئەردۆغان کرد لانی کەم مووچەی خانەنشینان بگەیەنرێتە ئاستی کەمترین مووچەی کارکردن لە تورکیا، بەڵام ئەم داواکارییەی ئۆزەل جێبەجێ نەکرا و هەر لە سەرەتاوە ڕەت کرایەوە.

وەکوو هەوڵێکی ستراتیژیی گرنگی ئەم پرۆسەیە، ئۆزەل بڕیاری دا لە ڕێکەوتی 2ی مایسی ساڵی 2024 سەردانی ئاك پارتی بکات و لەگەڵ ئەردۆغان کۆ ببێتەوە؛ بەرامبەر ئەمە ئەردۆغانیش وەکوو وەڵامێك بۆ ئەم دەستپێشخەرییە بۆ یەکەم جار لە دوای 18 ساڵ، لە 11ی حوزیران سەردانی بارەگای سەرەکیی جەهەپەی کرد لە ئەنقەرە. ئەم چاوپێکەوتنانە بە نیسبەت ئۆزەلەوە لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی ژیانی سیاسی دێت لە تورکیا. هەرچەندە پەیوەندییەکانی دوای ئەم دوو چاوپێکەوتنە وەکوو پێویست درێژەیان پێی نەدراوە بەڵام لە ڕووی تواندنەوەی بەستەلەکەکانەوە کاریگەریی هەبوو. بۆیە لێرە ئەم پرسیارەمان بۆ دروست دەبێت: **جەهەپە (ئۆزەل) بەتەمای چییە لە تورکیا؟** بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانین ئەم خاڵانە

بخەینە ڕوو:

1. ئۆزەل هەوڵ دەدات لە ئێستاوە خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمانی تورکیای ساڵی 2028 ئامادە بکات، چونکە ئەم جارەیان نایەوێت تووشی شکست ببێتەوە؛ هەروەها بەڵێنی ئەوەی داوە ئەگەر لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی داهاتوودا جەهەپە نەگەیەنێتە دەسەڵات، ئەوە ڕاستەوخۆ دەست لە کار دەکێشێتەوە. لە لایەکی دیکە سەرەڕای ئەوەی بەشێك لە لایەنگرانی جەهەپە، نیگەرانن لە سیاسەتە نوێیەکەی ئۆزەل و پێیان وایە ئەردۆغان تاکە سوودمەندی ئەم سیاسەتە نوێیەی ئۆزەلە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بەپێی دوایین ڕاپرسی کە لەلایەن "کۆمپانیای میترۆپۆڵ"ەوە دەربارەی ڕەزامەندیی دەنگدەران لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکان لەلایەن ئەردۆغان وەکوو سەرۆککۆمار و ئۆزەل وەکوو سەرۆکی جەهەپە ئەنجام دراوە، ئەوە بەپێی مانگەکانی شوبات و نیسان و مایس جیاوازییەکی بەرچاو دەبینرێت و ئۆزەل بۆ یەکەم جار لە مانگی نیسان و مایس پێش ئەردۆغان دەکەوێت بەپێی ئەم خشتەی خوارەوە:

| مانگ و ساڵ | ناوی سەرکردە | ڕێژەی ئەوانەی پەسەندی کارەکانی دەکەن | ڕێژەی ئەوانەی کارەکانی پەسەند ناکەن | بێوەڵامن |
|---|---|---|---|---|
| شوبات / 2024 | ڕەجەب تەییب ئەردوغان | %44.8 | %48.6 | %6.6 |
| | ئۆزگور ئۆزەل | %30.4 | %56.0 | 13.6 |
| نیسان / 2024 | ڕەجەب تەییب ئەردوغان | %41.0 | %51.9 | %7.1 |
| | ئۆزگور ئۆزەل | %45.6 | %41.9 | 12.5 |
| مایس / 2024 | ڕەجەب تەییب ئەردوغان | %39.6 | %55.7 | %4.7 |
| | ئۆزگور ئۆزەل | %54.9 | %33.6 | 11.5 |

2. دوای هەڵبژاردنەکانی 31ی ئازاری ساڵی 2024، جەهەپە ڕای گەیاند کەوا ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی زۆر زیاتر بووە بەراورد بە قۆناغەکانی ڕابردوو، چونکە ئێستا جەهەپە لە ڕێگەی بەرپرسەکانیانەوە لە شارەوانییە جیاوازەکانی وڵاتدا خزمەتگوزاریی شارەوانی پێشکەشی نزیکەی (65%)ی دانیشتووانی تورکیا دەکات. هەروەها لە ڕووی دابەشکاریی ئابوورییەوە 86%ی ئەم ناوچانە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەلایەن بەرپرسە شارەوانییەکانی جەهەپەوە بەڕێوە دەبردرێن؛ لە هەمووان سەرنجڕاکێشتر، ئەو گەڕەك و ناوچانەی کە ئەردۆغان تیایدا نیشتەجێیە، شارەوانییەکانی لەلایەن جەهەپەوە بەڕێوە دەبردرێت. بۆیە جەهەپە نایەوێت پاشەکشە بەم هەنگاوانە بکات و، سەرجەم تواناکانی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی پارێزگاری لەم تابلۆیە بکات و تەنانەت کار بۆ باشترکردنیشی دەکات.
3. ئۆزەل نایەوێت هەڵەکانی ڕابردووی حزبەکەی خۆی دووبارە بکاتەوە و، کار بۆ ئەوە دەکات سەرجەم لایەنەکان لە خۆی ڕازی بکات یاخود لانی کەم کار بۆ ئەوە دەکات لایەنەکانی دیکە دژایەتیی نەکەن. بێ گومان لە وڵاتێکی وەکوو تورکیا، ئەستەمە بتوانرێ سەرجەم لایەنەکان ڕازی بکرێت، بەڵام هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو ئەوەیان سەلماندووە کەوا ئەگەر نەتوانرێ هاوپەیمانییش لەگەڵ هەندێك لایەن بکرێت، بەڵام دەکرێ "ڕێبەرێکی هاوبەش" کۆیان بکاتەوە.
4. ئاك پارتی و ئەردۆغان بە هیچ شێوەیەك لە قۆناغی ئێستادا ڕازی نین هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت بەڵام لە هەلومەرجی ئەمڕۆ و بەپێی هەڵوێستی خەڵکی تورکیا، ئەستەمە ئەم

پەرلەمانە و دەسەڵاتەی ئێستا بۆ ماوەی چوار ساڵی دیکە بەبێ کێشە و گرفت بەردەوام بێت. بۆیە دەتوانین بڵێین جەهەپە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گوشار بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکات، چونکە ئەو دەرفەتەی کە لەم قۆناغەدا بۆی ڕەخساوە، لە قۆناغەکانی ڕابردوودا بۆی نەڕەخساوە. بۆیە لە چوارچێوەی سیاسەتی نوێی جەهەپە، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە یەکێکە لە ئامانجەکانی ئۆزەل.

**ئاک پارتی و پرۆسەی "کرانەوەی سیاسی – Yumuşama"**

ئەردۆغان دوای ئەوەی تووشی شکستێکی گەورە بوو لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 31ی ئازار، کەوتە جموجۆڵ بۆ ئەوەی بارودۆخی خۆی و حزبەکەی باش بکات و کەمێکیش بێت، قورسایی و سەنگی قۆناغەکانی پێشوو بگەڕێنێتەوە. هەر لەم چوارچێوەیەدا و بەهۆی ئەوەی ئەردۆغان هەستی بە مەترسییەکانی لەدەستدانی دەسەڵاتی کرد، بڕیاری دا سەرەتا دەست بە پرۆسەی "کرانەوەی سیاسی" بکات؛ مەبەستی لە چەمکی "کرانەوەی سیاسی"، خۆنزیککردنە لە لایەنە سیاسییەکان و دەرفەتدانە بە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئەوەی ڕاوبۆچوونیان دەربارەی قەیرانەکانی تورکیا وەربگیرێت و تەنانەت بەیەکەوە کار بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان، بەتایبەت قەیرانی دارایی و ئابووری کە بەرۆکی تورکیای گرتووە. کرانەوە هەروەها ئەوەیش لەخۆ دەگریت کە ئیتر لەمەوبەدوا پێویستە ئەو جەمسەربەندییەی پێشوو لە نێوان دەسەڵاتداران و ئۆپۆزیسیۆن هەبوو، نەهێڵرێت و دیالۆگ و دانوستاندن شوێنی بگرێتەوە و لایەنەکان خۆیان لە پۆپۆلیزم بەدوور بگرن. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کرانەوە لەلایەن ئاک پارتی و ئەردۆغانەوە بەم شێوەیە پێشکەش کراوە، لە بنەڕەتدا گومان لەوەدا هەیە کە بەڕاستی ئامانجی سەرەکیی ئەردۆغان ئەم خاڵانە بێت کە ئاماژەمان پێیان دا.

لەم چوارچێوەیەدا ئەم پرسیارەمان بۆ دروست دەبێت: **ئامانجی ڕاستەقینەی ئەردۆغان لەم قۆناغەدا چییە؟** لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە، دەکرێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە:

1. ئەردۆغان لە ساڵی 2002وە تا ئێستا توانیویەتی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەلاوازی بهێڵێتەوە و دەرفەتیان پێ نەدات ببنەوە شوێنگرەوەی ئەو؛ بۆیە بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی لاواز هەردەم لە ئەولەوییەتی کارەکانی ئەردۆغان بووە. واتا ئاک پارتی و ئەردۆغان کار لەسەر ئەوە دەکەن کە ئۆپۆزیسیۆن لاواز بێت و لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بێت. بێ گومان نەمانی کەمال کلیچدار ئۆغلو زیانێکی زۆر گەورەی هەبوو بۆ ئاک پارتی و ئەردۆغان، چونکە بەردەوام لە هەڵبژاردنەکاندا تووشی شکست دەبوو. ئێستایش ئەردۆغان کار بۆ ئەوە دەکات ئۆزەل بۆ خۆی ڕابکێشی و دووبەرەکی لە نێوان سەرکردەکانی جەهەپە دروست بکات و، بیگەیەنێتە ئاستێك هانی ئۆزەل بدات لە جیاتی سەرۆکی شارەوانیی ئیستەنبوڵ، ئەکرەم ئیمام ئۆغلو بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار کاندید بکات، سەرەڕای ئەوەی جارێ قسەکردن لەسەر کاندیدەکانی هەڵبژاردنی ساڵی 2028 زووە، چونکە ئەردۆغان لێهاتووە لەم بوارە و بەباشی دەتوانێ ئەم جۆرە ستراتیژ و تاکتیکانە بەکار بهێنێت لە سایەی ئەو ئەزموونەی کە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو بەدەستی هێناوە.
2. هاوپەیمانیی کۆمار (Cumhur İttifakı) کە ئاک پارتی و مەهەپە (پارتی بزووتنەوەی نەتەوەپەرست – Milliyetçi Hareket Partisi) دوو پێکهێنەری سەرەکیی ئەم هاوپەیمانییەن،

دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 31ی ئازار ڕووبەڕووی گرفتێکی گەورە بوونەتەوە و زۆرینەی دەنگەکانیان لەدەست داوە؛ جگە لەمە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پاڵپشتیی دەنگدەر بۆ ئەم هاوپەیمانێتییە کەمتر دەبێت. بۆیە بەتایبەت ئەردۆغان کار بۆ دۆزینەوەی بژاردەی تر دەکات؛ لە هەمان کاتیشدا نایەوێت مەهەپە لە خۆی دوور بخات. بەڵام لەپاڵ ئەوەیش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش بێت گوشارەکانی بۆ سەر مەهەپە دەستی پێ کردووە؛ بۆ نموونە لە 11ی حوزەیرانی ساڵی 2024 دوای 18 ساڵ ئەردۆغان بۆ یەکەم جار سەردانی بارەگای سەرەکیی جەهەپەی کرد لە ئەنقەرە، لە هەمان ڕۆژیش لە کۆشکی کۆماری، پێشوازیی لە هاوسەری سینان ئەتێش (عایشە ئەتێش -Ayşe Ateş)ی کرد- سینان ئەتێش بەرپرسێکی باڵای مەهەپە بوو لە 30ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2022 کوژرا. گومان لەوە دەکرێت کە مەهەپە دەستی هەبێت لە کوشتنی ئەتێش؛ هەروەها لایەنە سیاسییەکان ڕەخنە لەوە دەگرن گوایە حکوومەت و دادگە کەمتەرخەمییان کردووە لە کەیسی کوشتنی ئەتێش، چونکە بانگەشەی ئەوە دەکرێت چەندان بەرپرسی باڵای مەهەپە لە کەیسی کوشتنەکە تێوە گلاون. دوای نزیکەی ساڵێك و شەش مانگ لەسەر کوشتنی ئەتێش، هاوسەرەکەی ئێستا هەڵمەتیکی فراوانی دەست پێ کردووە بۆ دۆزینەوەی بکوژانی سینان ئەتێش. جووڵاندنی ئەم کەیسە لەم ساتەدا، وەکوو گوشارێك بۆ سەر مەهەپە دەبینرێت، چونکە مەهەپە ڕاستەوخۆ لەسەر زاری سەرۆکەکەی، دەوڵەت بەخچەلی، گوتی: بە هەموو شێوەیەک دژی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی جەهەپە و پرۆسەی کرانەوەی ئاک پارتی، دەوەستن، چونکە مەهەپە نایەوێت گۆڕانکاریی زیاتر لە ژیانی سیاسیی تورکیا بکرێت." ئەو پێی وایە هەر گۆڕانکارییەك لە هاوکێشەکاندا، بەتایبەت لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن، ئەوە لە دژی مەهەپە و هاوپەیمانیی کۆمار دەبێت. کەواتە ئەردۆغان بە شێوەیەك لە شێوەکان، کار دەکات بۆ ئەوەی هەندێك هەنگاوی جددی بنێت بۆ ئەوەی قەرەبووی شکستەکەی بکاتەوە کە لە 31ی ئازار تووشی بوو.

3. سەرەڕای ئەوەی ئەم جارەیان زۆر ئەستەمە لایەنە سیاسییەکانی دیکە ڕازی بن، بەڵام ئەردۆغان دیسان جەخت لەسەر دەستوورێکی مەدەنی دەکات؛ واتا ئامادەکردنی دەستوورێك لەلایەن کەسانی ئاسایی و مەدەنی لە جیاتی ئەو دەستوورەی کە ئێستا بەرکارە، چونکە بیانووی ئەوە دەهێندرێت کەوا دەستوورەکەی ئێستا لەلایەن کودەتاچییەکانەوە دانراوە. بەڵام ئەگەر لە بابەتەکە زیاتر بکۆڵینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئامانجە ڕاستەقینەکەی ئەردۆغان لە گۆڕینی دەستوور، بریتییە لەوەی پێگەی خۆی پتەو بکات و دەرفەتی نوێ بۆ خۆی بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی دیسان بتوانێ لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2028 خۆی کاندید بکات؛ جگە لەوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە دراوەتە سەرۆککۆمار، لە چوارچێوەی دەستوور گەرەنتی بکرێت. بەڵام پێ ناچێت ئەرکی ئەردۆغان لەم بابەتە ئاسان بێ، چونکە لایەنە سیاسییەکانی دیکە بیربۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەتایبەت دەربارەی سیستەمی سیاسیی وڵات، کە جەهەپە زۆر بەتوندی لەگەڵ گەڕاندنەوەی سیستەمی پەرلەمانییە بۆ تورکیا.

4. لایەنی ئابووریی وڵات بەهۆی ئەو سیاسەتانەی کە بەتایبەت لەلایەن ئەردۆغانەوە پەیڕەو کراوە، تورکیای گەیاندە ئاستێکی مەترسیدار؛ تەنانەت زۆر لە چاودێران پێیان وایە کە زەحمەتە خەڵك تا چوار ساڵی دیکە بەرگەی ئەم قەیرانە دارایی و ئابوورییە بگرن. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ئەردۆغان کار بۆ نانەوەی هەندێك هەنگاو بکات کە لایەنی کەم ئەگەر بە شێوەیەکی بنەڕەتییش چارەسەری کێشەکە نەکات و بەکاتییش بێت، بتوانێ ئەم چوار ساڵەی پێی بەڕێوە ببات. بەڵام پێ ناچێت لەم بوارەدا کات لەگەڵ ئەردۆغان بێت. کێشە دارایی و ئابوورییەکان بە شێوەیەکی

ترسناك هێزی كڕینی هاووڵاتیی توركیی دابەزاندووە؛ ئەمەیش وا لە خەڵك دەكات داوای چارەسەری لەناكاو و خێرا بكات و لەوانەیە نەتوانن لەمە زیاتر بەرگە بگرن.

**كۆبەند**

هەوڵەوكانی ئاساییكردنەوەی جەهەپە و كرانەوەی ئەردۆغان هەردووكیان بە مەبەستی زەمینەخۆشكردنە بۆ هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتیی كۆمار و پەرلەمانی توركیا، چونكە هەریەك دەیەوێ بەسەر ئەوەی دیكەدا سەر بكەوێت. بۆیە دەتوانین بانگەشەی ئەوە بكەین كە هەردوو لا ڕاستگۆ نین لە بانگەشەكانیان دەربارەی دانوستاندن و پێكەوەكاركردن و دروستكردنی ژینگەیەكی ئارام بۆ تاوتوێكردنی قەیرانەكان؛ ئەوەی گرنگە بەلایانەوە چۆن بتوانن بەرژەوەندیی حزبەكەیان دەستەبەر بكەن.

بەپێی ڕووداوەكانی ساڵانی ڕابردوو، پێ دەچێت لە ڕووی ئەزموونەوە ئەردۆغان چەند هەنگاوێك لە پێش ئۆزەل بێت و پێشبركێیەكی سەخت لەگەڵ ڕكابەرەكانی بكات؛ بەرامبەر ئەمەیش ئۆزەل خوێنگەرمە و هەوڵ دەدات ئەو دەرفەتەی بۆی ڕەخساوە بە شێوەیەكی دروست بەكار بهێنێت و سوودی لێ ببینێت. بۆیە كار بۆ ئەوە دەكات هەموو لایەك ڕازی بكات؛ بەڵام ڕازیكردنی هەموو لایەك، بەتایبەت لە وڵاتێكی وەكوو توركیا كارێكی زۆر سەختە و تەنانەت مەحاڵیشە. بۆیە پێشبینی دەكرێت لە قۆناغەكانی داهاتوودا ململانێی نێوان ئەردۆغان و ئۆزەل قووڵتر و سەختتر ببێتەوە، چونكە سیاسەتكردن لە توركیا تەنیا لە ڕێگەی دیالۆگ و دانوستانەوە نابێت؛ هەروەها پێ ناچێت تارماییی قەیرانی دارایی و ئابووریش بەرۆكی ئەردۆغان وا بەئاسانی بەر بدات. كەواتە دەكرێ بڵێین لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە لە قۆناغەكانی داهاتوودا ڕۆژانی سەخت و دژوار چاوەڕێی توركیا دەكات.